Kirklees COUNCIL

Kirklees Council
Civic Centre
3 Huddersfield
HD1 2EY
www.kirklees.gov.uk
twitter.com/@KirkleesCouncil

نیسانی ٢٠٢٠

دراوسێی بەڕێز

وەڵامدانەوەی کۆمەڵگە لەبەرامبەر ڤایرۆسی کۆڕۆنا

لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا ڤایرۆسی کۆڕۆنا کاریکردە سەر ژیانی هەموومان. بەڵام لە هەمان کاتدا باشترین کارمان بینی لە لایەن خەڵك و کۆمەڵگەکانەوە لە سەرانسەری ناوچەی کێکڵیس. ژمارەیەکی زۆر لە گروپ و تاکی خۆبەخش هاتنە پێشەوەو بۆ یارمەتیدانی یەکتری و پاراستنی کەسە لاوازەکانمان.

دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە زانیاری زیاترتان لەبارەی وەڵامدانەوەی ناوازەی کۆمەڵگە پێ ڕابگەیەنین، کە چۆن یارمەتی وەربگریت ئەگەر پێویستت بوو یان چۆن یارمەتی دراوسێکانت بدەیت. هەروەها دوایین ئامۆژگاری پسپۆڕانتان دەخەینە بەردەست سەبارە بە تەندروست مانەوەو پاراستنی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی (NHS) و پاراستی ژیانی خەڵکی.

چ جۆرە یارمەتیەك؟
خۆبەخشان لە هەموو گۆشەیەکی ناوچەی کێکڵیسەوە هەوڵدەدن بۆ دابینکردنی خواردن بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن لەم کاتەدا خواردن دەست بخەن. کەسانی تر خۆبەخشی دەکەن لە بازاڕکردن و یارمەتی دانی خەڵکی بۆ کاری ماڵ و چاودێری ئاژەڵە ماڵیەکانیان و یارمەتیدانیان لە پەیوەندیکردن بە هاوڕێ و خێزانەکانیان. چەندین بواری جۆراوجۆر هەیە کە دەتوانیت یارمەتیدەربیت ئەگەر بتەوێت.

چۆن یارمەتیم دەست کەوێت؟
شارەوانی (کاونسڵ) لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە و ڕێکخراوە خۆبەخشەکان کاردەکار بۆ ڕێکخستنی وەڵامدانەوەی کۆمەڵگە هەروەها بەکارهێنانی ستافەکەی بۆ یارمەتیدان لە هێڵی پێشەوە. پەیجێکی ئینتەرنێت و ژمارە تەلەفۆنێکمان ئامادەکردووە کە دەتوانن بەکاریان بهێنن بۆ داوای یارمەتی بۆ خۆت یان بۆ کەسێك کە پێتوایە پێویستی بە یارمەتی وەك خواردن و پێداویستیەکان و هاریکاری کۆمەڵایەتی. هەروەها دەتوانیت لە ڕێگەی پەیجەکە یان هێڵی یارمەتیەکە وەك خۆبەخش ناوی خۆت تۆمار بکەیت.

- سەردانی **وێبسایتە**کەمان بکە: www.kirklees.gov.uk/covid19response
- تەلەفۆن بۆ **هێڵی یارمەتی** بکە: ٠١٤٨٤٢٢٦٩١٩ (٨ی بەیانی بۆ ٦ی ئێوارە ڕۆژانی هەفتە)

کۆمەڵگەکان و گروپی گەڕەکەکان لە سەرانسەری کێکڵیس کاری ناوازە دەکەن بۆ یارمەتیدانمان بۆ تێپەراندنی ئەم ساتە دژوارە. زانیاری زیاتر بەردەستە لەو نامیلکەی کە لەگەڵ ئەم نامەیەدا هاوپێچکراوە.
دەتوانیت زانیاری زیاتر دەربارەی هەر هاوکاریەکی دیکەی بەردەست لە وێبسایتەکەماندا وەربگریت، جا ئەگەر کەسێکی خاوەن کاری خۆتیت، خاوەن بزنسیت، دایك و باوك یت یان چاودێری کەسانی دیکە دەکەیت و دەتەوێت بە سەلامەتی کارەکانت بکەیت:

- www.kirklees.gov.uk/covid19response

هەروەها دەتوانیت دواین زانیاریەکان دەربرەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا وەربگریت، بۆ ئەو مەبەستە شوێنی کاونسڵی کێکڵیس بکەوە لە تویتەر: KirkleesCouncil@ یان فەیسبوك:

- www.facebook.com/liveinkirklees

**چۆن یارمەتی بدەم؟**

هەموو دانیشتوویەکی ناوچەی کێکڵیس دەتوانێت گۆڕانکاری بکات لەڕێگەی پابەندبوون بە ڕێنماییە نیشتیمانیەکانەوە بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. ئەمەش بەوە دەکرێت لە ماڵەوە بمێنیتەوە.

- تەنها بۆ پێداویستی بنەڕەتی بچۆ دەرەوە، وەك بازاڕكردن و وەرزشكردن هەفتەری جارێك و پێداویستی پزیشكی و دابینكردنی چاودێری بنەڕەتی  یان بۆ كاركردن (تەنها ئەو كاتەی كە ناتوانیت لە ماڵەوە كار بكەیت).

- ئەگەر دەچیتە دەرەوە، هەمیشە دوو مەتر (٦ پێ) لە كەسانی تر دوور بكەوە.

- زوو زوو دەستەكانت بە سابوون بشۆ بەلای كەمەوە بۆ ماوەی ٢٠ چركە.

ئەگەر پێتوایە نیشانەی تازەی وەك تا و كۆخەی بەردەوامت هەیە، ئەوا پێویستە لە ماڵ بمێنیتەوەو پەیوەندی بە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانیەوە بكە لەڕێگەی وێبسایتەكەیانەوە (nhs.uk.111) یان پەیوەندی بكە بە 111 .

ئەو كەسانەی كە زۆر بێتوانان بە هۆكاری پێشینەی دۆخی تەندروستی، تكایە با هەموو كات لە ماڵ بمێننەوەو ڕاستەوخۆ بەركەوتنیان نەبێت لەگەڵ كەسانی تر بەلای كەمەوە بۆ ماوەی ١٢ هەفتە. بەردەوام بن لە پەیوەندیكردن بە چاودێران و كارمەندانی تەندروستیەوە كە پێویستە بیان بینن وەك بەشێك لە چاودێری پزیشكی. ئەگەر سەر بەم گروپە بیت ئەوا خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی لەوبارەیەوە نامەیان بۆ ناردوویت. لە نامەكەدا زانیاری هێڵی یارمەتی خراوەتەڕوو بۆ پەیوەندیكردن ئەگەر هاوڕێ یان خزم یان تۆڕی هاوكاری كۆمەڵایەتیت نیە كە بتوانن بۆ خواردن و پێویستی پزیشكی یارمەتیت بدەن.

**سوپاس**

لە كۆتاییدا دەمانەوێت سوپاسی هەموو ئەوانە بكەین كە بەشێك بوون لە وەڵامدانەوەی كۆمەڵگە خۆجێییەكانمان.
بەڕاستی جێگەی دەستخۆشیە كە دەبینین چەندە خەڵكی هاوكاری یەكتری و ئەو كۆمەڵگەیە دەكەن كە تیایدا دەژین.
ئەگەر پابەندی ئامۆژگاریەكانی حكومەتیت یان لە هێڵی پێشەوەی خزمەتگوزاری گشتی كاردەكەیت یان كاری خۆبەخشی دەكەیت بۆ یارمەتیدانی كۆمەڵگەكەت، ئەوا زۆر سوپاسگوزارتین.

Allan B-      Jacqui.

| | |
|---|---|
| ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی شابیر پاندۆر | جاكی گێدمان |
| ڕابەری كاونسڵ | بەڕێوەبەری جێبەجێكار، شارەوانی كێكلیس |

ئەگەر ئەم زانیاریەت بەشێوازێكی دیكە یان بە زمانێكی دیكە دەوێت، تكایە سەردانی ئەم لینكە بكە:
www.kirklees.gov.uk/covid19response یان پەیوەندی بە هێڵی یارمەتیەوە بكە: ٠١٤٨٤٢٢٦٩١٩